# پۆستی سەرۆك كۆمار شایەنی تۆیە!

**بنار مستەفا**

10.4.2005

**پۆستی سەرۆك كۆمار شایەنی ئەو كەسەیە كە زیاتر لە نیو سەدەیە "خەباتی" كردووە لە پیناو چەوساوەكانی كوردستاندا!. ئەو كەسەی لە ژیانیدا نەدرۆ نە ناپاكی نەكردوە، خزمەتی بە هیچ دەولەت و لایەنیك نەكردووە، لە ژیانیدا سەری بۆ هیچ دكتاتۆرو خوین ڕێژێك شۆڕ نەكردوە ، دەستو لاملی صەدامی ماچ نەكردوە.**

**ئەو پۆستی سەرۆك كۆماریە شایەنی ئەو كەسەیە كە لە خەباتی بێ وینەیدا دژی ڕژێمی بەعس بۆ ساتیك وچانی نەداوە، بە تایبەتی لە سالانی 66، 83و 84دا، وە شاكارترین وینەی خەباتی پیرۆزی لە دژی بەعس و ڕووبەڕوی خودی صەدام حسین بوو لە 23.4.1991 دا، كە تەواوی دنیا لە شاشەی تەلەڤیزیۆنەكانەوە بینیان و لە مەزنی تالەبانی سەریان سوڕما، چونكە هەر لەو كاتەدا تەواوی خەڵكی كوردستان بە شاخەكانەوەو لەسەر سنورەكان لەو پەری خۆشی و كامەرانیدا بوون و سەیرانیان دەكرد.**

**سەرك كۆماری لایەقی ئەو كەسەی كاتیك هیزە میلیشیاكەی دەسەلاتی گرتە دەست یەكەم كاری قەدەغەكردن و لابردنی تەواوی یاساكانی بەعس و شەریعەی ئیسلامی بوو.**

**ئەو پۆستی سەرۆك كۆماریە بەراستی شایەنی ئەو كەسەیە كە مانگانە دوو ملیون دیناری ئەدا بە دەستەو تاقمە ئیسلامیە ترۆرستەكان تا هەلبجە ئاوەدان كەنەوە، هەروەها لەسەر گۆڕی خومەینی باوكە ڕۆی بوو.**

**ئەو پۆستی سەرۆك كۆماریە شایەنی تۆیە كە ڕیگەی نەدا جەنگی ناوخۆ ڕوودات و كوردستانت كردبووە بە بەهەشتیك تا كار گەشتە ئەوەی ئەو كوردانەی پیشتر لە دەرەوە دەژیان هەموویان بگەڕێنەوە، وە ڕێگەت نەدا لە 10هەزار زیاتر ژنان ببنە قوربانی قەتلی ناموس شەرەف.**

**ئەو حوكمەتە سەربەخۆیە، ئەو پەرلەمانەی مانگی یەك بە هەراوهوریای دیموكراتیانە هەڵبژێردرا و مانگی چوار ڕێك كەوتن بێ هیچ كیشە و گرفتیك. ئەو پەرلەمانە عەلمانیە، كە نە كۆنە بەعسی تێدایە نە كەسانی تاوانبار نە تاقمی تیرۆریست، نە ئیستیخباراتی ئەمەریكا، وە لە هەمووشی گرنگتر ئیسلامە توندرەوەكان زۆر دوورن لیوەی. ئەو پەرلەمانە كارتۆنی وخەیاڵیە شیاوترین و دلسۆز ترین كەسی هەڵبژارد بۆ سەرۆك كۆمار، هیچ كەس لە ڕابەرانی كوردایەتی ناتوانن هیندە دلسۆزی عروبە بن، هەر بۆیە سەرەكی فەرماندەش شیاوەترین كەسی هەڵبژارد بۆ سەرۆك وەزیران، كە نە بە دوور نە بە نزیك پەیوەندی بە ئیران و ئیسلامی سیاسیەوە نییە و ناوبانگی گەورەی هەیە لە ڕاوەستانەوە بەرامبەر گروپە تیرۆریستەكان.**

**ئەم سەرۆك كۆماریەت هیندە لیهاتووەو لێت جوانە كەوا عێراقت بە دەولەتیكی ئیسلامی و عەرەبی ناساندو لە گەل حیزبی دەعوە ریك كەوتن، بە گویرەی تەجروبە دیرینەكانت بیت دوای هەر ڕێكەوتنێك وێران كاریەكت بەدیاری بۆ هێناوین، پیم وایە ئەم دۆستایەتیەو دەست تیكەل كردنەت لە گەل شیعەو سستانی ئەوەندە نابات عیراق و كوردستان وێرانتر دەكەن.**

bnarmustafa@yahoo.co.uk